www.kurdistannet.org
30-5-2007 22:32 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کەرکوك

## دەکری مادەی 140 بە مەرج بۆ سالێک دوابخری .. کاوێزمەلا پەروێز

گەر هەڵەیش بم سەرنجم دەخەمەروو بە تایبەت لەسەر پرسێکی گرنگ و هەستیاری وەك مادەی 140 کە چارەنوسی بەشێکی هەرە زۆری خاکی کوردستانی پێوە پەیوەست کراوە.



هەموارکردنی دەستووری هەمیشەیی ئێراق نێزگ بوەتەوە لێدوانی جۆراوجۆریش لە میدیاکان سەبارەت بەم پرسە لە لایەن بەرپرسانی گروپەجیاوازەکانی پەرلەمان و حکومەتی ئێراق ئەدری، سەرکردایەتی کوردستانیش بەدەر نیە لە رۆلگێران لە هەموارکردنی هەندی برگەی دەستووری تا بە ئێستا هەڵوێستی سەرکردایەتی کوردستان دە هەمبەر پرسی مادەی 140 پێداگرتنە لە هەموار نەکردنی، لێدوانی بەرپرسانی کوردستانی لە بەغدا و هەولێر دوپاتکردنەوەی ئەوەیە کە سازش لەسەر مادەی 140ی دەستوور ناکەین. بەرامبەر بەمەیش فشارێکی زۆر بۆ سەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەیە بۆ هەموارکردنی ئەو مادەیە کە بوەتە گریی سەر دلی بەشێك لە هێزە سیاسیەکانی ئێراق و پشتیوانیشیان لە لایەن هەندی دەولەتانی ئیقلمی ودوورتریش لێدەکری.

140 مێژووەکەی هەموار بکری یان پێداگری لەسەر جیبەجی کردنی بکری وەك خۆی و لەکات و ساتی خۆێدا؟

کە پێم وایە ئەگەر دواخستنی بۆ ماوەی سالێك بە هەمان ناوەرۆکی خۆی بە مەرج بکری و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان سازش لەو مێژوە بکات کە کۆتایی 2007 ە بەرامبەر ئەوە داوای وەرگرتنی مەلەفی ئەمنی ئەو ناوچە دابراوانە بە کەرکویشەوە بکات لەسەر بودجەی حکومەتی ئێراقی فیدراڵ زیان بەر پرسی ئەو ناوچانە ناکەوی.

وا دەزانم دواخستنی مادەی 140 بۆ کۆتایی 2008 هەندە مەترسیدار نیە، لە ناوچە دابراوەکان بە تایبەت کەرکوك کە کوردستانیان تەرفی خێر و ئاشتی و گەرانەوەی کەرکوك بۆ دۆخی ئاسایی خۆی ئیدارەی شار بەرێوەدەبن بۆیە ئەم تەرەفە لە موعادەلەکە هەلسوراوێکی گرنگ دەبن لە دیارکردنی ئەو چارەنوسە کە سەرکردایەتی کوردستان گەرەکیەتی، وە خەلکی ئەو ناوچانەیش بە کەرکوکیشەوە زۆرینەی زۆری ئەو دەنگانە دەخولقێنن کە ئەنجام بە مەرازمان دەگەیەنی..

خالێکی تریش مەبەستم لەم تەرحە ئەوەیە لەوانیە لەم سالەدا نەتوانری مادەی 140 وەك خۆی جیبەجی بکری لە کاتێکدا فرسەتی وەخت بۆ سەرژمێری زۆر کەمی لە پێش ماوە ولەکەرکوکیش بواری ئاسایش لە زۆربەی گەرەك و ناوچە دوور دەستەکان بەتایبەت ئەو شوێنانەی کە هەیمەنەی تیرۆرستی عەرەبی لەسەر زالەکاری سەرژمێر و دواجاریش کاری راپرسی گران دەکات بە شێوەیەك کە ئەگەر هەیە لەو ناوچە بەرفراوانەی عەرەب نشینیەکرکوك ئەنجامێکی دلخۆشکەر بەدەست نەهێنین. دیوێکی تری ئەم تەرحەم بۆ ئەوەیە کۆنترۆلکردنی بەرزاییەکانی حەمرین لە رووی ستراتیژییەوە بۆ سەقامگیرکردنی باری ئەمنی نەبەس کەرکوك بۆ هەولیرو شارەکانی تری هەرێم زۆر گرنگە، چیایی حەمرین ئێستا بوەتە بنکەو پەناگەی تیرۆرستان وجێگای مەشقپێکردنیان، چیایی حەمرین لەو رووەوە زۆر گرنگە وکۆنترۆڵ کردنی و پاکردنەوەی لە چنگی تیرۆرستان بە مانای کۆنترۆلکردنی کەرکوك بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شێوەیەکی تەواو دێت بۆیە ئەگەر تەنی هەموارکردنی مادەی 140 مێژووەکەی بێت بەرامبەر ئەو مەرجە ئەز باوەرم قازانج دەکەین نەك زیان.

دەکری مێژووی نێو مادەی 140 هەموار بکری و مەترسیش دروست نەکات بەلآم بەرامبەر وەرگرتنی هەندی دەسکەوت کە بۆ خۆی هەم بەخێر بۆ خەلکی ئەو ناوچانە دەگەرێتەوە هەمیش پرۆسەی جیبەجیکردنی 140 ئەکتیفتر دەکات و زۆر کۆسپ و کەندی ئەو ڕێگایە ناهێلی.

گرنگترین ئەو دەسکەوتانە بەرامبەر دواخستنی مادەی 140 بۆ سالێك بە شێوەی دەستووری ئەم سی خالەیە:.

1- مەلەفی ئەمنی ئەو ناوچانە بە کەرکوکیشەوە رادەستی حکومەتی کوردستان بکری لی بە مێزانیەیی حکومەتی ئێراقی فیدرال.

2- تا ئەو ڕێکەوتە کە ڕێکەوتنی لەسەر دەکری و تا ئاسایی کردنەوەی تەواوەتی بارودۆخ لەو ناوچانە لە ناویشیاندا بە تایبەت کەرکوك هیچ پرۆسەیەکی هەلبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگا و شارۆچکەو شارەدێیەکان ساز نەکری و ئەم ئیدارییەی کە هەیە لە کارکردن بەردەوام بێت.

3- دەستێوەردانی هەرێمایەتی لە پرسی کەرکوك لە ماوەی ئاییندە بەری پی بگیرێت وئەم ڕێکەوتنەیش لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پشتیوانی لێبکری.

خولاسە جارێکی تر بۆ ئەو تەرەف و لایەنانە کە پێداگری دواخستنی جیبەجی کردنی مادەی 140یان دەکرد بیانوییەك نامێنی کە مادەی 140 دوا بخری و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش بە حکومەت و دەزگاکانی تری کە هەن دەتوانن سوود لەو کاتە وەربگرن بۆ پرکردنەوەی ئەو فرسەتانەی کە لە دەست چوون و چاککردنەوەی ئەو هەلآنەی کە لە رابردوو روویانداوە.

K_mlaprwez@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلآودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.